زانکۆی سەلاحەدین: کۆلیژی ئاداب

قۆناغی دووەم : بەشی راگەیاندن

پرووپاگەندە و جەنگی دەروونی ( الدعایە والحرب النفسیه )

-......................................

**هەندێك لە پێناسەكانی پرووپاگەندە:**

- **پرووپاگەندە: (الدعایه)** هەوڵێکە بۆ کارتێکردنە سەر بۆچوونی تاکەکان و بیرورِایان، پاشان رەفتاریان بەو ئاراستەیە دەبات، کە ئەو کەسە یان گرووپەکە پرووپاگەندەی بۆ دەکات، ئەمیش لە رێگەی گەورە کردن و شێواندنی راستییەکان و سەر لێ شێواندنەوە روودەدات، واتا دوورە لە راستییەوە.

- راڤەکردنی بۆچوون و کردەوەکانە بە شێوەیەکی پلان بۆ دارِێژراوانە. ئەو راڤە کردنە لەلایەن تاك یان کۆمەڵی دیاریکراوەوە ئەنجامدەدرێت. بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بۆچوون و کردەوەی تاك یان کۆمەڵەیەکی دیکە، بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو."

- هەولێکە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر کەسەکان، زاڵبوون بەسەر رەفتاری تاکەکاندا، لە کۆمەڵگە و کاتێکی دیاریکراودا، بۆ هێنانەدی ئامانجی تایبەتی."

- **پرووپاگەندە: بریتییە** لەشێوازی رازیکردنی پلاندارێژراوی بە مەبەست، لە ئامرازەکانی راگەیاندن، بەمەبەستی کارلێکردن و روودانی گۆرِانکاری لەسەر لایەنە دیاریکراوەکان لەلای لایەنی مەبەستدار، وەکو ئاراستەکان و رەوشت، کە مەبەستەکانی لایەنی دیکە بەدیدەهێنێ.

- پرووپاگەندە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و زۆرینەشیان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەوڵێکە بۆ درووستکردنی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵك و ئاراستەکردنی بیرکردنەوەیان. زۆر جار چەمکی پرووپاگەندە دەبەسترێتەوە بە نارِاستی و نا بابەتیبوون، بەڵام مەرجیش نییە بە رەهایی هەموو بابەتێکی پرووپاگەندەیی نارِاست بێت.

- بەکارهێنانی مەبەستداری کەناڵەکانی راگەیاندنە، لەلایەن کۆمەڵێك یان گرووپێکەوە بۆ دروستکردنی ئاراستەیەکی دیاریکراو لە ناو رای گشتییدا، یاخود زاڵبوون بەسەر ئاراستەی

بیرکردنەوەدا، بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو، کە لایەنی ئەنجامدەری هەڵمەتی پرووپاگەندەکە مەبەستییەتی بیهێنێتەدی."

لە پرووپاگەندە چەند بابەتێك پێشکەش دەکرێت، کە هەندێکیان خۆشن و هەندێکیان ناخۆش، میدیاکار مەبەستێکی دیاریکراوی نییە بۆ جەماوەر بڵاوی بکاتەوە تەنها پرووپاگەندە نەبێت، ئەو هزرو بیرۆکانەی میدیاکار دەیگوازێتەوە بابەتیانەیە یان دەبێ بابەتیانە بێت. ئەو کەسەی پرووپاگەندە دەکات راستییەکی رووت بەکاردەهێنێ، بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەیقۆزێتەوە بۆ لایەنگیریکردنی تێروانینی خۆی و ئەو پرسەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەم کەسە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە ئەویش ئاشکرا کردنی بیرۆکەکەی یان رێبازەکەیەتی، لەگەڵ قۆرغکردنی هزری تاك و کۆمەڵەکان و هاندانیان بەرە و رەفتارێکی دیاریکراو.

پرووپاگەندە، یەکێکە لەرەگەزە سەرەکییەکانی جەنگی دەروونی، کە بۆ مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجی سەرکەوتن بەکار دەهێنرێت. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە (پرووپاگەندە) کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە و لە( تیغ) تیژتر و بەهێزترە، هیچ شتێك لە (پرووپاگەندە) باشتر و بەسوودتر و پردەستکەوتر نیە، بۆ خزمەتکردن بەو ئامانجەی هەیە .

(پرووپاگەندە) بریتییە لە: پەخشکردن یان بڵاوکردنەوەی هەواڵێك، کە لەرێگەی هەموو ئەو هۆیانەی وەکو(نووسین و بیستن و بینین و هەستپێکردن...هتد)ەوە بازارگەرمی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە کەسانی دیکە بڕوای پێبێنن و پشتراستییکەنەوە و حاڵەتی دەروونی ناخۆش لای نەیارەکان بخوڵقێنێ. بەمەش دەوری کاریگەری لەسەر (مۆراڵ و دارمانی دەروونی)ان دەبێ. لەکۆتاییدا لەهێز و توانای دوژمن کەمدەکاتەوە و توانای جەنگی تووشی ئیفلیجی تەواو دەبێ .

پرووپاگەندە بە هەموو شێوە جیاوازەکانی لەسەر ئاستی جیهان گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، بەش و دامەزراوەی زۆر لە بواری پرووپاگەندە دەکرێنەوە، هەروەها چەندین کۆلێژو پەیمانگای ئەکادیمی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە، چەندین ناوەندیش هەن بۆ پێگەیاندنی کادر لەم بوارەو بۆ کارکردن ئامادە دەکرێن.

- پرووپاگەندە: بەکارهێنانی تاکتیکە بۆ دروستکردنی فشاری کۆمەڵایەتی."

"هەوڵدانێکە بۆ قەناعەتپێکردنی ئەوانی دیکە بە قبوڵکردنی بیرورایەکی دیاریکراو، بە بێ لەبەرچاوگرتنی زەمینە سازی لۆژیکی بۆ قبوڵکردنی ئەو پەیامە "

"- پروپاگەندە: وروژاندنی ڕایگشتی لە ئاستێکی فراواندا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیاری و بۆچوون و هەڵوێستی دیاریکراو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستی و وردی بابەتەکان."

**<u>گرنگی پروپاگەندە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە</u>**، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئەرکی جیاواز و ئامانجی جیاجیای هەیە، بەڵام ئەوەی نەگۆڕە لەو هاوکێشەیەدا ئەوەیە کە گرنگی خۆی لە دەست نادات و بەردەوام وەك یەکێك لە ئامراز و کەرستەکانی یەکلاکردنەوەی ململانێ و بردنەوەی ململانێکان کاریگەری خۆی هەیە. لە قۆناغی شەڕدا پروپاگەندەی سیاسی و سەربازی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە و بە درێژایی مێژوو، ئەزموونەکانی شەڕ سەلماندوویانە، ئەوەی چارەنووسی شەڕەکان دەستنیشاندەکات، بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی چەکی پروپاگەندەیە.

لەو بارەیەوە "لۆرد ویڤڵ" ساڵی 1939 دەڵێت "سەربازێك لەمەیدانی شەڕ ڕا ناکات لەبەر ئەوەی شەڕ لە پێناو پرسێکی نارەوادا دەکات، هەروەها هێرش ناکاتە سەر دوژمنەکەی لە پێناو پرسێکی ڕەوادا، ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی سەربازەکە شەڕ بکات و بەردەوامبێت، هەستکردنییەتی بەوەی ئەو بەشێکی گرنگە لە کۆمەڵگەکەی و ژمارەیەکی سەنگینە لای ئەو کۆمەڵەی ئەم شەڕیان بۆ دەکات و بڕوای بەوە هەبێت، کە کۆمەڵەکەی یان گەلەکەی سەیری دەکەن و چاویان لە قوربانیدان و تێکۆشانیەتی و کەسوکار و خزم و ناسیاوەکانی چاویان بڕیوەتە قوربانیدانی، ئەو هەستەش لە ڕێگەی پروپاگەندەی سیاسییەوە دەتوانرێت لە ناخییدا جێگیر بکرێت. ئەمەش بەوە دەکرێت، کە بە پروپاگەندەی سیاسی کار بۆ نرخاندن و ستایشکردنی ئەو سەربازە و هەوڵەکانی بکرێت و ئەو ڕوحیەتەی تێدا بچێنرێت کە گەل و وڵات چاویان لە تێکۆشان و قوربانیدانی ئەوە. لێرەشدا ئەرکی پروپاگەندە دەبێتە وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارەی "سەربازەکان بۆچی شەڕدەکەن" و "بۆچی پێویستە ئێمە پشتیوانیان بکەین" ؟

**هێزی پروپاگەندە:** هێزی پروپاگەندەی سیاسی لەمیانەی خاوەندارێتی تەواو و چاودێری توند لەسەر کەرستەکانی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت، وەکو لە جەنگی کەنداو دەرکەوت، کە ئەو ڕاستییەی سەلماند، فەرماندەی هێزەکان لەو شەڕەدا (شوارتز کوف) کاتێك ووتی ئەوەی شەڕەکە دەباتەوە ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندن لە شەڕی چەکداری دەباتەوە.

زەروریەتی پروپاگەندە لێرەدا دەبێ ئاگاداری زەرووریەتی دروستکردنی ( پروپاگەندەی جێگیرکردن) بن، کە مەبەست لێی جێگیرکردنی مۆراڵی دانیشتووان و پاراستنیانە لە دارمانی دەروونی، چونکە دارمانی بەرەی نێوخۆ لە گۆڕەپانی جەنگدا بە نەرێنی لەسەر هێزی

جەنگاوەر ڕەنگدەداتەوە. دەبێ پارێزگاری لە ڕای گشتی بکرێت، بۆ ئەوەی (ئاراستە و بیرو بۆچوون)ی لەگەڵ ئەو بڕیارانە یەکبگرێتەوە کە لەلایەن سەرکردایەتیەوە دەردەچێت .

گومان لە شکستیاندا نیە و بەزینیان مسۆگەرە، ئەوەی کە لە پروپاگەندە جۆراوجۆرەکاندا ئامانجی گەورەی وەدەستهێناوە، شڵەژانی مۆڕاڵی دوژمن و گومان هێنانیان لەسەر سەرکردایەتیان و تێکدانی بیروباوەڕیانە، وا تێبگەیەنرێن کە گومان لە شکستیاندا نیە و بەزینیان مسۆگەرە. دەبێ هەوڵی تێکدانی ریزەکانیان بدرێت، ئەویش لەرێگەی بڵاوکردنەوەی (تۆوی جیاوازی و دووبەرەکی نێوان تاکەکانیان و حکوومەتیان و نێوان دەوڵەت و هاوپەیمانانیان و لایەنگران)یاندا .

ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ ڕاو سەرنجی ئەو تاکانە بۆلای خۆیان ڕابکێشن، کە بە (دیل) دەگیرێن و دەرفێندرێن و دەکەونە بەردەستیان، لەگەڵ سووکایەتیکردن بە (هەست و سۆز)ی ئەوانەی کە دژایەتی هێزەکانیان دەکەن.

**هێلکاری لە ڕووی جۆرایەتی ناوەڕۆك و سەرچاوەوە، پروپاگەندە دابەشدەبێت بۆ :**

1-پروپاگەندەی سپی

2- -پروپاگەندەی رەش

3-پروپاگەندەی خۆڵەمێشی

4 -پروپاگەندەی دژ

بەشەکانی پروپاگەندەی دژ

چەواشەکردن

بێدەنگی

دژە پروپاگەندەی ڕەتکراو، دوو جۆرە:

ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆ

ڕەتکردنەوەی ناراستەوخۆ

دژە پروپاگەندەی ئومێد بڕ

دروستکردنی بەرگری و پاراستنی جەماوەر دژی پروپاگەندەی گشتی.

**لە رووی جۆرایەتی ناوەڕۆك و سەرچاوەوە، پڕوپاگەندە دابەشدەبێت بۆ :**

1- پڕوپاگەندەی سپی: دامەزراوە فەرمییەکان و وڵاتان ئاراستەی دەکەن. چالاکییەکی دیار و ئاشکرایە. سەرچاوەی زانیارییەکان ڕوونن و شاراوە نیین. زیاتر دەوڵەت و حکومەتەکان بۆ گەورەکردنی ئاستی توانا و دەسەڵاتیان بەکاری دەهێنن.

2- پڕوپاگەندەی رەش: سەرچاوەی زانیارییەکان و ئەو لایەنەی پڕوپاگەندەکە بڵاودەکاتەوە دیار نییە و شاراوەیە. بە شێوەی نهێنی بڵاودەکرێتەوە و ئامانجی نانەوەی ئاژاوە و درووستکردنی ژاوە ژاوە.

3- پڕوپاگەندەی خۆڵەمێشی: سەرچاوەکەی ترسی لەوە نییە ئاشکرا بێت و هەندێکجار دەردەکەوێت و وەرگران دەزانن کێ لە پشتی ئەو پڕوپاگەندەوەیە، بەڵام ئەو ئامانجەی هەیەتی لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەکە دیار نییە و شاراوەیە.

4- پڕوپاگەندەی دژ:  کە ئەمەش لە هێڵکارییە نیشاندراوە لق و پۆپی لێدەبێتەوە.

**<u>یاساکانی پڕوپاگەندە:</u>**

1-یەکتایی (چوونە پێش و خۆگۆڕین)

2-دووبارەبوونەوە

3-یەکدەنگی

4-ئاسانکردنەوە

5-بەهەڵەدابردن

**<u>بنەماکانی پڕوپاگەندە:</u>**

سەرنج راکێشان

راستگۆیی

چەسپاندن و جێگیری

نەبوونی دژ

رازیکردن

پیاوی بێلایەن

رازیکردنی دیاریکراو

دەستەواژە گشتییە پەسەندەکان

دەمارگیری لەپرووپاگەندە

پیاوی ئاسایی

هەڵبژاردنی بابەت

وروژاندنی گومان

## **جۆرەکانی پرووپاگەندە:**

**یەکەم/ لەرووی ناوەرۆکەوە:** پرووپاگەندەی سیاسی، ئابووری، سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، رۆشنبیری..هتد.

**دووەم/ لەرووی شێوازی کارکردنەوە:**

*پرووپاگەندەی ئەخلاقی وەك پەنابردن بۆ دووبارە کردنەوە.

*پرووپاگەندەی نا ئەخلاقی، وەك درۆ، چەواشەکاری.

**سێیەم/ لەرووی کاتەوە:** تاکتیکی و ستراتیژی، یاخود:

*پرووپاگەندەی کورت مەودا.

*پرووپاگەندەی درێژمەودا.

*پرووپاگەندەی قۆناغی شەڕ.

*پرووپاگەندەی قۆناغی ئاگربەست و ئاشتی.

**چوارەم/  لەرووی جۆری بڵاوکردنەوەوە:**

* پڕوپاگەندەی بیستراو. * پڕوپاگەندەی چاپکراو. * پڕوپاگەندەی بینراو.

**پێنجەم/ لەرووی جۆری سەرچاوەوە:**

* پڕوپاگەندەی سەرچاوە دیار.

* پڕوپاگەندەی سەرچاوە نادیار.

* پڕوپاگەندەی سەرچاوە نیمچە دیار و نادیار.

**شەشەم/ لەرووی ئاستی سەرچاوەوە:**

* پڕوپاگەندەی ستوونی، ئەوەی کە سیمبوڵێك، سەرکردەیەك، یان فەرماندەیەك بڵاویدەکاتەوە و لە سەرەوە دێتە ناو خەڵك.

* پڕوپاگەندەی ئاسۆیی، ئەوەیە کە تاکەکان لە یەك ئاستدان و بڵاویدەکەنەوە.

**حەوتەم/ لەرووی ئەرکەوە: چوار جۆری هەیە:**

* پڕوپاگەندەی هاندان: زۆربەی کات سەرچاوەی دیارو ئاشکرایە و بە مەبەستی هاندان و وروژاندنی وەرگران ئاراستە دەکرێت و زیاتر لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا باوە.

* پڕوپاگەندەی پەیوەستبوون: ئەرکی ڕێکخستنی ریزەکان و یەکانگیری جەماوەری بە ئامانجگیراوە بۆ پتەوکردنی ریزەکانیان و یەکدەستبوونیان سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو.

* پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆیایی: بە مەبەستی برەودان بە ئایدۆلۆژیایەك و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆی و گۆڕینی ئاراستەی تاك و کۆمەڵ بە سوودی ئایدۆلۆژیاکە ئەنجامدەدرێت.

*پڕوپاگەندەی وێرانکار: مەبەستی تێکشکاندن و سڕینەوەی بەها و رەفتار و بۆچوونی تاك و کۆمەڵی بە ئامانجگیراوە.

**هەشتەم/  لەرووی شێوازی ئاراستەکردنەوە:**

* پرووپاگەندەی ڕاستەوخۆ: لە رووی سەرچاوەوە ئاشکرایە و ڕاستەوخۆ ئاراستەی جەماوەری بە ئامانجگیراو دەکرێت.

*پرووپاگەندەی ناڕاستەوخۆ: سەرچاوەکەی روون نییە و ئاراستەی وەرگران دەکرێت و زۆرجار کەمێك زانیاری ڕاست تێکەڵی زۆرێك لە زانیاری هەڵە و بابەتی ناڕاست دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێگا و ڕێکارە تەکنیکییەکانی گەیاندنی پەیامی پرووپاگەندە:**

هەڵمەتی پرووپاگەندە، پێویستی بە دەستنیشانکردنی ئامانج، دەستنیشانکردنی بیرۆکە و پەیام، دەستنیشانکردنی ئامرازی گەیاندنی و لێکۆڵینەوە لە وەرگرانی هەیە، بۆ ئەوەی هەرچی زیاترە هەڵمەتێکی سەرکەوتووانە ئەنجامبدرێت و ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی هەڵمەتەکە بهێنرێنە دی و کاریگەری بەجێبهێڵن. لەو پێناوەشدا ژمارەیەك ڕێگاو ڕێکار هەن، کە لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتی پرووپاگەندەدا دەگیرێنە بەر، لەوانە:

**ڕێگای یەکەم: دووبارەکردنەوە:** تەنیا بە دووبارەکردنەوەی هەندێك برگە و رستە دەستەبەری بڕواپێهێنان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر دەکرێت. تەنانەت ئەگەر بێت و زانیارییەکانیش ناڕاست بن، بەڵام لەبەر ئەوەی دووپاتدەبنەوە و بە ڕێگەی جیاجیا دەگەنەوە وەرگر، کاریگەری دروستدەکەن و وەرگر بە ڕاستیان دەزانێت.

**ڕێگای دووەم: زیادەڕۆیی:** گەورەکردنی ئەندازە و قەبارەی زانیارییەکان و ئەو مەترسییانەی بە دوایاندا دێت. گەورەکردن و قەبە پیشاندانی دەستکەوتی بچووك و لاوەکی.

**ڕێگای سێیەم: نموونە هێنانەوە و داڕشتنی پەیام بە زمانێکی سادە:** ڕێکخستنی بیرۆکەکان و داڕشتنی پەیام بە زمانی خەڵك و تەنانەت بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و شێوەزاری دیاریکراوی خەڵك و سوود وەرگرتن لەو وشە و چەمکانەی بەسەر زمانی خەڵکەوەن و باون.

**ڕێگای چوارەم: ئاماژەکردن و ناوبردنی سەرچاوەی بڕواپێکراو:** بۆ ئەوەی وەرگر زۆرتر بکەوێتە ژێر کاریگەری پەیامە پرووپاگەندەییەکەوە، باشتر وایە سوود لەو سەرچاوانەش وەربگیرێن، کە خەڵك متمانەیان پێیان هەیە، یان لانیکەم بە سەرچاوەی سەربەخۆ هەژماریان دەکات. بە تایبەتی لە بارەی ئەنجامی شەڕ و ململانێ چەکداری و سەربازییەکان.

**ڕێگای پێنجەم: پەیوەستکردنی درۆ و نا ڕاستی و دزە کردنە ناو ڕاستییەکان:** زانیاری گەلێکی ڕاست، متمانەی وەرگر زیاد دەکەن و ئەگەر بە شێوەیەکی زیرەکانە بابەت و پەیامە پروپاگەندەییەکان تێکهەڵکێشی زانیارییە ڕاستەکان بکرێن، وەرگر بێ ئەوەی بیر لە جیاکردنەوە و لەیەك هەڵاواردنی ڕاست و ناڕاستی زانیارییەکان بکات، ئەوان پەسند دەکات. لێرەشدا وتە و لێدوانی کەسایەتییە باڵاکان، ئەستێرەکانی هونەر و سینەما گرنگی خۆیان هەیە و هەندێکجار سەرسامی وەرگر بە ئەستێرەیەك یان کەسایەتییەکی ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری وا دەکات، بێ چەند و چوون پەیامە پروپاگەندەییەکە لە زمانی ئەوەوە پەسند بکات.

**ڕێگای شەشەم: سادەیی و شیاوی بۆ باوەڕکردن:** سادەیی لە دارشتن، سادەیی لە زمان، سادەیی لە ڕستە و بڕگە و درووشم هۆکارن بۆ سەرکەوتنی پروپاگەندە، بە پێچەوانەوە داڕشتنی پەیام بە زمانی ئاڵۆز و زمانی باڵای نووسین وێڕای ئەوەی کاریگەری ئەرێنی بەجێناهێڵێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی پەیامی پروپاگەندەکە بۆ وەرگران. کورتی و پوختی لە نووسین و هەڵبژاردنی وشە و ڕستە و درووشمگەلێك، کە ئاسان بن بۆ وتنەوە و لەبەرکردن و دووبارە بوونەوە زووتر وەرگر دەخەنە ژێر کاریگەری پەیامەکەوە.

**شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی پروپاگەندە زۆرن و بە لق و پۆپن. زیاتریش دەبێ لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا دیاری بکرێن. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر هێڵە گشتییەکانی ئەو شێوازانە ئەم خاڵانە دەخەینە ڕوو:**

١ _دژە پروپاگەندەی شکسپێهێنەر. واتە کە دوژمن پروپاگەندە دەکات، ئەوا تۆش دەبێ پروپاگەندەی دژبەر بکەی بۆئەوەی لەلایەکەوە شکست بە پروپاگەندەی ئەو بهێنی. هەروەها بۆ ئەوەی تووشی کەشێکی دەروونی خراپی بکەی و بە خۆیەوەی سەرقاڵ بکەی. لەوانەیش گرنگتر ئامانجەکە ئەوەیە، کە بوونی دوو پروپاگەندەی ناکۆک لە یەک کاتدا لەبارەی هەمان پرس و بابەتەوە جۆرێک لە هاوسەنگیی دەروونی  کۆمەڵایەتی دروست دەکات. لەوانەیە تۆ قازانجێکی تەواو نەکەی ( چونکە ناچاربووی وەک کاردانەوە، تۆش پروپاگەندە بکەی و دواجار، لەدوای کۆتایی ململانێکان دەبێ ئاسەواری پروپاگەندەکەی خۆت بسڕیتەوە)، بەڵام دوژمنەکەت زیانی زۆر دەکات چونکە ئامانجەکەی شکستدەهێنێ.

٢ _بەدرۆخستنەوە. ئەمەش بە دوو شێواز ( ڕاستەوخۆ، نا ڕاستەوخۆ). لەمەدا ئەرکەکە ئەوەیە، کە پروپاگەندەی دوژمنت بەدرۆ بخەیتەوە. جا یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەیاننامەی سەرچاوەیەکی فەرمی و کاریگەرەوە. یان کەسایەتییەکی سیاسی متمانەپێکراو لێدوان بدا بە

دەزگاکانی ڕاگەیاندن. یان چەند کەسی ئەکادیمی و پسپۆڕ لەو بوارە کە پڕوپاگەندەکەی لەبارەوە کراوە کۆڕ و کۆبوونەوەی فراوان و دیمانەی میدیایی بە کۆ یان تاک تاک بکەن و ڕاستەوخۆ باسی بابەتەکە و ئەو پڕوپاگەندەیە بکەن کە لە ئارادایە. یان هەموو ئەوانەی سەرەوە بکرێن بەڵام بێ ئەوەی ناو بهێنن. بێ ئەوەی باسی بابەتی پڕوپاگەندەکە بکەن، ناڕاستەوخۆ وەڵامی هەموو ئەوانە بدەنەوە کە لە ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەکەدا هەن. ڕەوتێک لەناو توێژەرانی بواری جەنگی دەروونیی پێیان وایە شێوازی ڕاستەوخۆ باش نیە، چونکە خۆی لە خۆیدا ڕیکلامە بۆ پڕوپاگەندەکە و چەندجار بڵاوکردنەوەیەتی لە زاری خۆتەوە. بۆیە باشتر وایە ناڕاستەوخۆ بەرەنگاری ببیتەوە.

٣ _بێ دەنگیی. هەر لەسەرینی ڕایەکەی پێشووەوە، تەوژمێک دیکە پێی وایە بێدەنگیی لە ئاستی پڕوپاگەندە شێوازێکی گونجاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونیی. بەو بیانووەی وتنەوەی پڕوپاگەندەو بایەخدان پێی و خۆخەریک کردن بە وەڵامدانەوە و تەرخانکردنی کات و دەزگا و پسپۆڕان یان سەرکردەکان بۆ قسەکردن لەو بارەیەوە، دەبێتە گرێی دەروونی لای وەرگر و ئەو گومانەی لا دروست دەبێ کە ئەگەر ئەم پڕوپاگەندەیە ڕاست نەبێ ئەم عاڵەمە بۆ پێوەی مەشغوڵن و هەوڵ دەدەن بە درۆی بخەنەوە، ئەمەش ئامانجێکی پڕوپاگەندەکە بەدی دەهێنێ.هاوکات ئەم ڕەوتە کە بێدەنگیان پێ باشترە لەو بڕوایەدان کە پڕوپاگەندەچی کەسایەتییەکی نادروست و دوژمنکارانەی هەیە و چێژ لەوە دەبینێ کە ببینێ خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بەڵام کە لێی بێدەنگ دەبی و باسی ناکەیت و ناوی ناهێنی، دووچاری شکست و نیگەرانی و پەشێوی دەروونی دەبێ و هیچ متمانە بەخۆی نامێنێ.

٤ _لە خشتەبردن. واتە زانیاری پێدراوی نادروست دزە پێ بکە بۆ دوژمنەکەت، بۆئەوەی بیانکاتە بابەت بۆ گووتاری سیاسی و پڕوپاگەندە و وتی وتییەکانی، ئەوسا بە درۆخستنەوەیان زۆر ئاسان دەبێ و دوژمنەکەت ریسوا دەکەی و لە چاوی خەڵکدا متمانەی ناهێڵی و ڕاستگۆییەکەی مۆلەق دەکەی. ئەمەش وای لێ دەکات ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنەوە و دروستکردنەوەی پردی نێوان خۆی و خەڵک بێ. لەو ماوەیەشدا ناپەرژێ پڕوپاگەندە بکات و وتی وتی بڵاو بکاتەوە. بەواتایەکی دیکە خۆی لەگەڵ خۆیدا تووشی جەنگی دەروونیی دەکەی.

٥ _تەیارکردنی خەڵک بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر جەنگی دەروونیی و پڕوپاگەندە و وتی وتی نەیاران. لەم پێناوەدا پێویستە هەموو سەرکردە سیاسییەکان، ڕابەرانی ڕا، پیاوانی ئایینی،

ئەکادیمیست و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندن، هەریەکە بە شێوازی گونجاو لەگەڵ بوارەکەی، بەشداری بکەن لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە جەنگی دەروونی. پێناسەکەی، شێوازەکانی، کەرەستە و ئامرازەکانی، کێن ئەوانەی بەرپای دەکەن، ئامانجەکانی، چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی. گەرچی ئەم ڕێگەیە درێژخایەن و بە مەسرەف و کارێکی هەمەلایەنەیە کە زۆر کەسی دەوێ تێیدا بەشداربن، بەڵام لە مەودای دووردا قازانجی زۆرە چونکە کۆمەڵگایەک دروست دەکەی، کە خۆ بە خۆ پارێزبەندی دژی پرووپاگەندە و هەموو شێوازەکانی جەنگی دەروونی دەبێ.

6 -ڕاکێشانی بەرەی ژێر پێ. واتە ئەو بەهانە و بیانووانە مەهێڵە یان کەمیان بکەوە کە دوژمن سوودیان لێوەردەگرێ بۆ دروستکردنی کەرەستەکانی جەنگی دەروونیی و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر خەڵک دەبێ. بەتایبەتی هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، لە مووچە و نرخ و کاڵا و کوالێتی کاڵاکانی ناو بازاڕو خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەکو ئاو و کارەبا و مەترسییە ئەمنییەکان.

**<u>جیاوازی نێوان پرووپاگەندە و ڕیکلام:</u>**

لەبارەی ڕێکلامەوە شارەزایان زیاتر جەختن لەسەر ڕوونی پەیام، مەبەستی کۆمەڵایەتی و بەبازارکردنی بیرۆکە و کاڵا دەکەنەوە و تێچوونی بڵاوکردنەوەشی لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، دابینکراوە."ڕێکلام بریتییە لە ئامرازی بە بازارکردن بۆ گەیاندنی بیروڕا، زانیاری و خزمەتگوزاری بە کۆمەڵێك و هەڵدەستێت بە ئیستغلالکردنی کات و شوێن، بڕی تێچوونیشی دەدرێت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها هەرجۆرە ئامرازێکی دیکەی گەیاندن بەکاردەهێنێت بۆ گواستنەوەی پەیامەکەی و نوێنەری کاڵاکە خۆی دەناسێنێ و شاراوە نییە و پەیوەندی بە کاڵاکانەوە ڕووندەکاتەوە". لە ڕوانگەی تێگەیشتن لەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین، ڕێکلام و پرووپاگەندە جیاوازییان هەیە، ئەوانیش:

1- لەڕووی تێچوونەوە: ڕێکلام تێچوونی بڵاوکردنەوەی دەدرێتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ئەگەر ڕێکلامەکە بازرگانی بێت، چونکە هەندێك جۆری ڕێکلام لەوانە ڕێکلامی کۆمەڵایەتی یان هۆشیاری مەرج نییە لە بەرامبەر پارەدا بڵاو بکرێنەوە.

2- لەڕووی کۆنترۆڵکردنەوە: دەتوانرێت ڕێکلام کۆنترۆڵ بکرێت، چ لە شوێنی بڵاوکردنەوەی و چ لە ڕووی ناوەڕۆکییەوە.

3-  لە ڕووی بڕواپێهێنانەوە: ڕەنگە زیاتر پڕوپاگەندە برەوی هەبێت و وەرگر زۆر بایەخ بە پەیامی ڕێکلام نەدات.

4-  لە ڕووی سەرچاوەوە: بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی ڕێکلام دیار و ئاشکرایە، بەڵام مەرج نییە پڕوپاگەندە سەرچاوەکەی ئاشکرابێت.

5-  لەرووی ئامانجەوە: ئەرکی ڕێکلام بە بازارکردنی کاڵا و بیرۆکەی دیاریکراوە، هەرچی پڕوپاگەندەیە رەنگە ئامانجی شاراوەی لە پشتەوە بێت و زیاتر مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی و سەربازی هەیە.

<u>**رازیکردن:**</u>

<u>**رازیکردن ( الاقناع ) چییە؟**</u>

دەتوانین رازیکردن پێناسە بکەین و ماناکەی دیاربکەین وەکو چەمکێك بەوەی کەوا: هەوڵێکی ڕێکخراوە (منظم)، کە ئامرازی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر گۆڕینی بیروبۆچوونی ئەوانیدیکە و گۆڕینی بیرکردنەوەیان هەتاوەکو قەناعەتیان پێبێت و رازیببن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، ئەمەش لەمیانەی زانینی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی جەماوەری مەبەستدار.

**رۆڵی رازیکردن لە پروپاگەندەدا:** رازیکردن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ژیاندا، چونکە ژیانی رۆژانە پەیوەندیکردنە، پەیوەندی کردنیش، پرۆسەیەکی مرۆڤایەتی و درێژەدانە بە ژیان، گەلێك لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە، ژیانی کۆمەڵایەتی تەواو نابێت بەبێ پەیوەندیکردن، رازیکردن رۆڵێکی سەرەکی الهام بەخشی هەیە لە پەیوەندیکردندا. جا ئەگەر رازیکردن لە پەیوەندیکردنی رۆژانەدا رۆڵی هەبێت، و بەگرنگەوە بایەخی پێبدرێت دەبێت چۆن لەبواری بلاوبوونەوەی پروپاگەندەدا چۆن خەڵك و جەماوەر هانبدات و مێشکیان داگیربکات؟ بێگومان بایەخێکی ئێجگار زۆر گەورەی هەیە و پروپاگەندە هەر زوو قەناعەت بە جەماوەر دێنێ و زۆرجار بە زەحمەت ئەو پروپاگەندە کاڵ دەبێتەوە لەناو جەماوەر.

**کەی نامە (پەیام) باوەڕپێکراو دەبێت؟ پەیام باوەڕپێکراو دەبێت ئەگەر ئەو خاڵانەی تێدابێت:**

سادەیی و روونی

وروژاندن و رازاندنەوە

تێرکردنی ئارەزوو و پێداویستییەکان

راستگۆیی لەناوەرۆك لەلایەن نێرەر و سەرچاوەکەی

جێگیرکردن و چەسپاندن

**بنەماکانی رازیکردن:**

*بنەمای زانین: ناساندنی جەماوەر کاریگەری پیادەکردنی پێشنیار لەسەر بەرژەوەندییەکانیان.

*بنەمای جولانەوە: رازیبوونی پێشنیار بەندە بەزانینی جەماوەر لەچۆنیەتی پیادەکردنی.

*بنەمای متمانە (باوەڕپێکردن): یانی پێشنیارەکە لەکەسێکەوە یان لەرێکخراوێکەوە دەردەچێت کە ناوبانگی باشی هەبێت.

*بنەمای روونی: پێشنیارەکە وا دابرێژرێ بەجۆرێك دووربێت لە هەبوونی گومان و ئاڵۆزی.

**بەشی دووەم: جەنگی دەروونی چییە؟**

**چەمکی جەنگی دەروونی:**

شارەزایانی بواری دەروونی بە گوێرەی گۆشەنیگای خۆیان و تێڕوانینی بابەتییانە لە چەمکی جەنگی دەروونییان دەڕوانی، بەڵام لێکۆڵەرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەو چەمکەیان زیاتر وابەستەی پڕوپاگەندە کردووە. لە ڕوانگەی پڕوپاگەندەوە ئەرك و رۆڵی چەمکی جەنگی دەروونییان خستۆتەڕوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و دوای شەڕەکانی ڤێتنام، عەرەب – ئیسرائیل، عێراق و ئێران، کەنداو، چەمکەکە گشتگیرانەتر مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

سەرەتا ئەو چەمکە وابەستەی شەڕو ململانێ چەکدارییەکان کرابوو، لەتێکشکاندنی وورە کەسایەتی سەربازەکان و ئاراستەکردنی هەموو شتێك دژی دوژمن، جگە لە بەکارهێنانی چەك،

وەك ئەوەی دەوترا "هەڵمەتێکی فراوانە هەموو ئامراز و کەناڵەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر عەقڵ و سۆزی کۆمەڵێکی دیاریکراو، بە ئامانجی گۆڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو، یان گرتنەبەری هەڵوێستێکی دیکە، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو لایەنەی شەڕە دەروونییەکەی دەستپێکردووە ."

**پێناسەی جەنگی دەروونی:**

- جەنگی دەروونی، (جەنگی مێشك و جەنگی ئەقڵ و جەنگی ئایدیۆلۆژی)یە.. شێواندنی تێکدانی (مێشك) یەکێکە لە پێشکەوتووترین شێوازەکانی جەنگی دەروونی و مرۆڤ لەسەر مۆراڵی نەیارەکانیدا بەکاریهێناوە و زاڵبووە بەسەریدا .
- جەنگی دەروونی: کارکردنە لەسەر (بیر و هۆش) و دارشتنەوەی پێکهاتەکەیەتی لەمیانەی ئامرازە جیاجیاکانی وەکو(جەستەیی یان دەروونی یان سۆزداری) و دەرچوون و دەرکەوتنی وەکو (کەسایەتییەکی نوێ) کە باوەڕ بە خواست و ویستی (لایەنی بکەر) بێنێ و دژی ئەو بیروباوەڕە بوەستێتەوە کە پێشتر باوەڕی پێیهەبووە .
- جەنگی دەروونی: شەری هێرشکردنە، سوپایەك بەچەکی هزری و سۆزداری ئەنجامی دەدات، لەپێناو شکاندنی هێزی بەرگری مەعنەوی لەسوپای دوژمندا و لەنێو خەڵکی سڤیلدا.
- جەنگی دەروونی بەگرنگترین بابەتی ڕۆژ لەقەڵەم دەدرێت و وا پێویست دەکات، کە ناوی بنێین(نەخۆشی ڕووبەڕوو بوونەوە)، چونکە ڕووبەڕووی مۆراڵ دەبێتەوە و وەکو (تیغ)ێکی تیژ (کەسایەتی) دەپێکێ و تێکدانی (بیر و ڕەوشت)ی مرۆڤی لێ بەرهەمدێت .

بە گشتی جەنگی دەروونی ئەو جەنگە دەمارگیریەیە، کە بەبێ بۆمب و بەبێ چەك ئاڕاستە دەکرێت، بەڵام زۆر لەچەك ترسناکترە، چونکە پشت بە شێوازی بەد و نەگریس دەبەستێت، نائومێدی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبەخشێت و هەستکردن بە توانستی بەرپرسیارێتی نیشتمانی کەمدەکاتەوە و وایلێدەکات، کە بەشێوازی واقعی و پراکتیکی توانای تێگەیشتنی بارودۆخ و ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت، چونکە دەستەبەرترین چەکە، کە لە جەنگەکاندا بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندیانەی کە ململانێی لەپێناودا دەکرێت بەکارهێنراوە

**ئامرازەکانی جەنگی دەروونی:**

**یەکەم/ ئامرازەکانی بیستن و بینین**

ئێزگە (رادیۆ)     * تیڤی     * سینەما   * ڤیدیۆ  * کاسێت * بڵندگۆ   *  ئاژانسی هەواڵەکان

**دووەم/ بابەتە چاپکراوەکان**

کتێب

رۆژنامە و گۆڤارەکان

بڵاوکراوەکان

بەیاننامە

**سێیەم/ بابەتی وێنە و وێنەی کێشراو**

لافیتە و پۆستەر

وێنەی فۆتۆگرافی

کاریکاتێر

پرووپاگەندەی بینراو (روناکی ، وێنەی فسفۆری)

نەخشە و شێوە بەیانییەکان و شێوەی هێڵدار و ئەنیمەیشن.)

**چوارەم/ پەیوەندی راستەوخۆ**

پەیوەندی کەسایەتی

نمایشی شانۆیی

تابوری پێنجەم

دیلەکان

**پەیوەندی جەنگی دەروونی بە زانستەکانی دیکەوە:**

***پەیوەندی جەنگی دەروونی بەزانستی سیاسەتەوە: جەنگی دەروونی پەیوەستە بە زانستی سیاسییەوە، چونکە جەنگی دەروونی لەکۆتاییدا لەخزمەتی سیاسەتی ئەو دەوڵەتەدایە ، کە شەری دەروونیەکە ئاراستە دەکات.

***شەری دەروونی جۆرێکە لەراگەیاندن: بۆیە دوور نییە  پەیوەندی  پتەوی بەراگەیاندن و پروپاگەندە و هونەری پەیوەندیکردن و شێوەکانی رازیکردن و کاریگەری لەسەر جەماوەرەوە هەبێت.

***شەری دەروونی پرۆسەی پەیوەندیکردنە، لە پروپاگەندە گەورەترە، پروپاگەندەیەکە بەستراوە بە ستراتیجیەتی سەربازی و سیاسی و ئابورییەوە.

***هەرچی تەکنەلۆژیا و ئامرازە پێشکەوتووەکانە ئەوە باڵ و قۆڵن کە شەرەکە هەڵدەگرن و لەئاسمانی خەڵکدا دەفرێ و بۆ زۆرترین کەس دەیگەیەنن.

***شەری دەروونی بەکارهێنانی دەروونناسییە: بە سیفەتێکی گشتی و دەروونناسی سەربازی بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

**<u>بوارەکانی ( ئەرك و بەکارهێنانەکانی ) جەنگی دەروونی:</u>**

*هەڵبژاردن و دابەشکردن (هەڵبژاردن و پۆلێنکردن)

*راهێنان و فێرکردن

*تەندروستی دەروونی

*سازانی سەربازی

*رێکخستن و پەیوەست بوون (زەبت و رەبت)

*سەرکردایەتیکردن

*مەعنەویات

*شەری دەروونی

## گرنگی جەنگی دەروونی:

بە درێژایی مێژوو، جەنگی دەروونی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و چارەنوسی ململانێکان بەجێهێشتووە. لە ئێستادا شانبەشانی پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، گرنگی و بایەخی ئەو جۆرە جەنگە رووی لە هەڵکشانی زیاتر کردووە. (روماڵ) لەبارەی گرنگی جەنگی دەروونییەوە دەڵێت: "فەرماندەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە پێش ئەوەی زاڵبێت بەسەر جەستەی دوژمنەکانیدا، بەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەیاندا زاڵ دەبێت". هەروەها ( لیوا جەمالەدین مەحفوز) ڕای وایە "زانستی سەربازی و ئەزموونی شەڕەکان کۆکن لەسەر ئەوەی جەنگی دەروونی چەکێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەیە لە شەڕەکاندا، هاوکارییەکی زۆری پرۆسە سەربازییەکان و شێوازەکانی دیکەی ململانێ دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی خێرا بە کەمترین زیان و کەمترین خوێنڕشتن. جەنگی دەروونی مەترسیدارترین جۆری شەڕە، چونکە پێش ئەوەی سەربازەکان لەڕووی جەستەییەوە بکرێنە ئامانج، لەڕووی بیرکردنەوەوەهەست و سۆزەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت و گیانی بەرەنگاربوونەوەیان تێکدەشکێنێت." ئەزموونەکانی ئەم دواییەی شەڕ ئەوەیان دەرخستووە، چالاکی سەربازی و بەکارهێنانی هێز بۆ تێکشکاندنی ورە و گۆڕینی ئاراستەی سۆز، عەقڵ و ڕەفتاری گرووپە نەیارەکان، بۆردومان و غارەی فڕۆکە و بەکارهێنانی زەبری سەربازی هاوڕێ لەگەڵ بەرپاکردنی جەنگی دەروونییدا، کاریگەری ئەرێنی گەورەیان لەسەر تێکشکاندنی ورەی نەیارەکان هەیە. وەك ئەوەی لە کاتی شەڕی دووەمی کەنداودا، هاوکات لەگەڵ بۆردومانی سەختی بەغدا، سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و ورد هەڵمەتێکی فراوانی جەنگی دەروونییان دژی سوپای عێراق لەو کاتەدا ئەنجامدا. لە ماوەی تەنیا حەوت هەفتەدا 29 ملیۆن بڵاوکراوەیان لە 24 شێوەدا گەیاندە 98% ی هێزە چەکدارەکانی عیراق و داوایان لێدەکردن، خۆیان ڕادەستبکەن و بە پێچەوانەوە مەرگ چاوەڕوانیان دەکات. لەسەر بڵاوکراوەکان بە هونەری کاریکاتێر ئەو پەیامەیان دەگەیاند، کە "سەربازی بەجێماوی عێراق لە بیاباندا تەنیا ڕێگەی ڕاست بیگرێتە بەر ئەوەیە خۆی ڕادەستبکات، چونکە ئەو بەرگەی بۆردومانی فڕۆکەکان ناگرێت." لە هەندێك بڵاوکراوەدا، ئەو پەیامەیان دەگەیاند، کە کەسوکارتان چاوەڕێتان دەکەن و پێویستە بە سەلامەتی بگەڕێنەوە، تەنانەت یەکێك لە بڵاوکراوەکان لەسەر شێوەی دیناری عێراقی چاپکرا بوو، بۆ ئەوەی سەربازەکان بتوانن هەڵیبگرن و لە ناو پارە و گیرفانەکانیاندا بیشارنەوە. سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەڵێنی ئەوەیان دابوو، هەر سەربازێك ئەو بڵاوکراوەیەی پێبێت، لە حاڵی خۆ بەدەستەوەدانییدا ڕەوانەی شوێنێکی ئارامی دەکەن. هەروەها سوپای ئەمریکا، لە سەروبەندی شەڕی دووەمی کەنداودا، ئێزگەیەکی ڕادیۆیی تایبەت بەگەیاندنی پەیام و ئەنجامدانی هەڵمەتی شەڕی دەروونی دژی عێراق دامەزراند. ئێزگەکە لە ڕۆژی 19ی کانوونی دووەم/یەنایری

1991 تاوەکو 1ی نیسان/ئەپریلی 1991 بە ناوی "ئێزگەی دەنگی کەنداو" رۆژانە بە بێ پچڕان پەخشی بەرنامەکانی دەکرد. کەواتە: "ئاراستەکردنی پرۆگرامی رادیۆیی و داواکردن لەسەربازان بۆ ئەوەی خۆیان رادەستبکەن، هیچ سوودێکی نابێت، ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا نمایشی هێز و زەبری زۆرتر نەکرێت، لە رێی هەموو کەناڵەکانی گەیاندنی پەیامەوە ئاراستەی لایەنی بە ئامانجگیراو بکرێن، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوە و رەفتاردا بە شێوەی پێویست درووستبکات. لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانین بڵێین، رێگە و شێوازە تەقلیدییەکانی شەڕو ئامرازە سەربازییەکان و رێگە نا سەربازییەکانی وەك رێوشوێنە ئابووری، دیبلۆماتی، سیخوڕی، تابووری پێنجەم بەشێکی دانەبڕاون لە جەنگی دەروونی و لێی جیا نابنەوە، ئەو پەیامە کۆکراوانەی ئاراستەی دوژمنیش دەکرێن، تەنیا جەختکردنەوە وسووربوون لەسەر ئامرازەکانی دیکەن و بە تەنیا کاریگەرییەکی ئەوتۆ بەجێناهێڵن."

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن، بۆچوونی نوێتریان هێنایە کایەوە. ئەوە روونکراوەتەوە، جەنگی دەروونی مەرج نییە تەنیا لە کاتی شەڕدا بێت و لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکو لە کاتی ئاشتیدا وڵاتان ئەو جۆرە چەکە بەکاردەهێنن بۆ زاڵبوون بەسەر دەروونی تاك و کۆمەڵگە و دارشتنەوەی کەسایەتی تاك و گەلەکان و گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و گەلان و هاندانیان بۆ بیرکردنەوە و گۆڕینی رەفتاریان بە جۆرێك، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو شێوازەی لایەنی ئەنجامدەری شەڕەکە دەیەوێت، بەڵام وەك ئاماژەمان پێکرد، بۆ قۆناغی ئاشتی چەمکەکە گشتگیرترەو ئەو کردەوانە بەیەکەوە بەناوی پرۆسێسە دەروونییەکان ئەنجامدەدرێن .

## ئاستەکانی جەنگی دەروونی:

1-جەنگی دەروونی ستراتیژی: پلانی جەنگی دەروونی ستراتیژی لەسەر بنەما و تێروانینێکی دووربینانە دارِێژراوە. بە گوێرەی پلانەکە  کار بۆ هێنانەدی ئامانجی فراوانی ستراتیژی دەکات. ئەو جۆرە جەنگە ئاراستەی هێزی چەکدار و گەل دەکرێت، بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ رووبەڕووبوونەوەی باری نائاسایی. هەروەها ئاراستەی لایەنی نەیارو دۆست دەکرێت بە ئامانجی گۆڕینی بیرکردنەوە و هەڵوێست و رەفتاریان. ئەم جۆرەیان سنووررو کات ناناسێت. جەماوەری بە ئامانجگیراو و بەرفراوانە. پلانە ستراتیژیەکەش پێویستی بە وردکردنەوەو روونکردنەوەی هەموو جومگە و بابەتەکانی هەیە.

2 -جەنگی دەروونی تاکتیکی: رووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی لایەنی بە ئامانجگیراوە، ئامانجی کاتی هەیە و پەیامەکەی چڕکردووەتەوە لەسەر هێنانەدی ئەو ئامانجانەی قۆناغەکە پێویستی هێنانەدییانی سەپاندووە.

**ئامرازەکانی گەیاندنی پەیامی جەنگی دەروونی:**

پەیامی جەنگی دەروونی بە زۆر شێوە و ئامراز دەتوانرێت بگەیەندرێتە وەرگر، لەوانە:

1-تابووری پێنجەم: لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پرووپاگەندەو واتەوات و درووستکردنی بێ متمانەیی.

2-چاپکراوەکان: ڕۆژنامە،گۆڤار،کتێب،نامیلکە،بڵاوکراوە،پۆستەریهەڵواسراو،..هتد.

3 -ئامرازەکانی بیستن: وەك ئێزگەکانی رادیۆ، وتاری دەنگی، گۆرانی، سرود، دەنگۆ، پەیامی دەنگی، کاریگەرییە دەنگییەکان.

4-ئامرازە بینراوەکان: وەك وێنەی فۆتۆگرافی، CD، DVD، سیمبوڵەکان، کاریکاتێر..

5-ئامرازە بینراو و بیستراوەکان: وەك تەلەفزیۆن، سینەما، شانۆ، نمایشی سەربازی.

6-ئینەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی: کە هەریەك لە جۆرەکانی دیکە لە خۆی دەگرێت، لەوانە تێکست، وێنە، دەنگ، گرتەی ڤیدیۆیی.

7 -ئامێرەکانی پەیوەندیکردن: بە تایبەتی مۆبایل، پۆستی ئەلیکترۆنی.

**بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی:** مەترسییەکانی جەنگی دەروونی وەك ئاماژەمان پێکرد، لەمەترسی رووبەڕووبوونەوەی چەکداری راستەوخۆ زیاترن. رەنگە کاریگەرییەکەشی درێژماوە بێت و بۆ ماوەیەکی زۆرتر بە رەفتارو بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و یەکە سەربازییەکانەوە ببینرێن، هەرچەندە پرۆسەی سەربازییش کۆتاییان هاتبێت و پێکدادانی راستەوخۆ لە ئارادا نەما بێت. بۆ بەرەنگاربوونەوە و رووبەڕووبوونەوەی جەنگی دەروونی

پێویستە لە دوو ئاستدا بە شێوەیەکی زانستیانە و پیشەییانە کار بکرێت، ئەو دوو ئاستەش ئەمانەن:

**یەکەم: جەنگی دەروونی پێشگیرانە و خۆپارێزی:** مەبەست لێی پێش ئەوەی دوژمن، یان لایەنی بەرامبەر جەنگی دەروونی بەرپا بکات؛ لایەنی یەکەم، هەوڵدەدات لە ڕێگەی پرۆسەیەکی زانستییەوە هەڵمەتی جەنگی دەروونی دەستپێبکات بۆ ئامادەسازی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و تێگەیاندن و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەما و ئامانجانەی خزمەت بە ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندی باڵای خەڵك دەکەن. لە لایەکەوە کار بۆ قوڵکردنەوەی گیانی هاوکاری و یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆیی و پاراستنی بەرەی ناوخۆ دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە کار بۆ ڕەشکردنی بەرەی دوژمن دەکات. خاڵی جەوهەری لە پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە ڕێککارە لەسەر بنەمای ئەو پەندەی دەڵێت "پێش تا، بەڕە بە خۆت دا بدە"، یان "خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر."

**دووەم: جەنگی دەروونی دژ، پێچەوانە:** کاتێك لایەنێك هەڵمەتی شەڕی دەروونی دژی لایەنێك دەستپێدەکات، ئەرکی ئەو لایەنەی هێرشی کراوەتە سەر قورسترە، چونکە لە لایەکەوە پێویستە لە سەنگەری بەرگریدا بێت و بەر بە شاڵاوی جەنگی دەروونی بەرامبەرەکەی بگرێت و ڕێگە نەدات کاریگەری بکاتە سەر بیرکردنەوە و عەقڵ و هەڵوێست و سۆزی جەماوەرەکەی خۆی، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە بەرپەرچی ئەو پەلامارە بداتەوە و پێگەی خۆی لە بەرگرییەوە بگۆڕێت بۆ هێرشبردن بە ئامانجی تێکشکاندنی لایەنی پەلاماردەر. لەو چوارچێوەیەدا، پێویستە لەسەر چەند بنەمایەك کار بکرێت لەوانە:

1- **ئامادەکاری:** بۆ بەهێزکردنی سەنگەری بەرگری و وەڵامدانەوەی شاڵاوی دوژمن و هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵمەتەی دوژمن دەستپێیکردووە و پەیبردن بە کەلێن و کەم وکورتییەکانی بۆ ئەوەی بتوانرێت لە وەڵامدانەوەدا مایەپوچ بکرێت.

2- **مامەڵەی سەرەتایی:** قۆناغێکی گرنگی هاتنەدەست و وەڵامدانەوەی جەنگی دەروونی دوژمنە و پێویستی بە هەماهەنگی و بەیەکەوە کارکردن و بەگەڕخستنی ماکینەی ڕاگەیاندن و هەموو ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی دوژمنە.

3- **هێرشی ڕاستەوخۆ:** دوای پتەوکردنی ریزی ناوخۆ و بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی دوژمن، کار بۆ ئەوە دەکرێت تەنیا لە سەنگەری بەرگریدا نەمێنێتەوە و هێرشی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر دوژمن. لەوەشدا پێویستە بەردەوام جەخت لەسەر بەهێزکردنی سەنگەری ناوخۆیی

بکاتەوە. کار بۆ دەرخستنی لاوازی و کەلێنەکانی شاڵاوی دوژمن بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لێوەی دزە بکات و شاڵاوی دوژمن پەکبخات.

-4 **چاودێریکردنی هەڵمەتەکە:** پێویستە بەردەوام چاودێری شاڵاوی شەڕی ڕاگەیاندنی دوژمن بکرێت. لە ئانوساتی خۆیدا وەڵامی پرووپاگەندە بدرێتەوە. رێگە نەدرێت دوژمن لە هیچ کەلێن و بۆشاییەکەوە دزە بکات. هاوڕێ لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وردبینی بۆ هەڵمەتەکەی خۆی بکات و هەڵە و کەموکورتییەکانی بدۆزێتەوە و دەستبەجێ چارەسەریان بکات.

-5 **یەکلاکردنەوە وریشەکێشکردن:** لەم قۆناغەدا هەوڵدەدرێت هەموو ئەو سەرچاوانەی بوونەتە هۆکار و پشتیوانی شاڵاوی جەنگی دەروونی دوژمن ریشەکێش بکرێن.

**<u>جۆرەکانی جەنگی دەروونی:</u>**

*جەنگی دەروونی ستراتیژی

*جەنگی دەروونی خۆ بۆ ئامادەکردن

*جەنگی دەروونی خۆقایم کردن

**<u>ئامانجەکانی جەنگی دەروونی:</u>**

جەنگی دەروونی پرۆسەیەکی فراوان و بەردەوامە، پەیوەست نییە تەنیا بە قۆناغی شەڕەوە، بەڵکو لەقۆناغی پێش شەڕ ئامادەیی وەرگری بۆ قۆناغی شەڕ دەکات و لە قۆناغی شەڕدا کار بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك لە ناوخۆ وهێزەکان دەکات و لە دەرەوەش کار بۆ تێکشکاندنی دوژمن دەکات. دوای شەڕیش کار بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و قوڵکردنەوەی گیانی بەرگری دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی جەنگی دەروونی چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە لەوانە:

یەکەم:تێکشکاندنی گیانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و داڕووخاندنی ورەو لاوازبوونی بڕوا بە ئامانج و مەبەستەکانی.

دووەم: درووستکردنی گومان و دوودڵی سەبارەت بەو ڕێگە و تێڕوانینەی لایەنی بە ئامانجگیراو بڕوای پێی هەیە.

سێیەم: درووستکردنی گومان لە نێوان سەرکردایەتی و جەماوەرەکەیدا، بە شێوەیەکی تایبەتیش سەرکردەکانی دوژمن و فەرماندە سەربازییەکان دەکاتە ئامانج.

چوارەم: چاندنی تۆوی دووبەرەکی وناکۆکی لەریزی لایەنی بەئامانجگیراو.

پێنجەم: هاندانی لایەنی بە ئامانجگیراو بۆ خۆبەدەستەوەدان.

شەشەم: گۆڕینی بیرکردنەوە و رەفتاری لایەنی بە ئامانجگیراو بە جۆرێك كە لایەنی پەلاماردەر دەیەوێت.

حەوتەم: بەرپەرچدانەوەی شەڕی دەروونی دوژمن.

هەشتەم: بەرزکردنەوەی گیانی بەرەنگاری و یەکخستنی ریز وکۆکردنەوەی پشتیوانی و لەناوبردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئەو لایەنەی شەڕەکە ئەنجامدەدات.

نۆیەم: بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا

## <u>بنەماکانی جەنگی دەروونی:</u>

*خراپ بەکارهێنانی هەستی ترس و دڵەراوكێ

*خراپ بەکارهێنانی پاڵنەر و پێداویستییە بنەرەتییەکان

*خراپ بەکارهێنانی کردەی عەقلی لاشعوری (پرۆسەی عەقلی لاشعوری).

*پسپۆری

*جەختکردنەوە

*کات دانانەوە

*راستگۆیی

*نەرمی نواندن

## <u>شێوازەکانی جەنگی دەروونی:</u>

پرووپاگەندە

دەنگۆ

چەواشەکردنی راگەیاندن

شوشتنەوەی مێشك

داگیرکردنی هزری

نوکتەو کاریکاتێر

بڵاوکراوە و بانگەواز

تێکدانی دەروونی و دروستکردنی قەیران وروژاندنی ترس و گێرەشێوێنی

نمایشکردنی هێز و پێشچاوخستنی چەك

شێواندنی کەسایەتی

**<u>هۆکارەکانی جەنگی دەروونی:</u>** پێشتر گوتمان کە (جەنگی دەروونی) بۆ گەیشتن بە ئامانج خزمەت بە (هاوەن و گوللە) ناکات، بەڵام هۆی جیاوازی هەیە، چونکە ئامانجی جیاوازە. لێرەدا ئامانجی مرۆڤ و ئەو سایکۆلۆژیەی مرۆڤە کە لەچواردەوریدا دەجوڵێتەوە، بەتایبەت ئەو (مۆراڵە مەعنەوی)یەی کە لەناخیدا دەژیەت، بۆیە هۆکارەکان و ئامرازەکانی جەنگی دەروونی ئەو شتانەن، کە کاریگەریان لەسەر سایکۆلۆژییەتی مرۆڤایەتی هەیە. ئەوەی کە بەدواداچوونی بۆ مێژووی جەنگی گەلان هەبێ دەزانێ کە هۆکانی دەروونی ئامادەگی بەرچاویان لەگۆڕەپانی جەنگدا هەبووە، لەنێو یاساکانی جەنگیشدا بەهەمان شێوە دەوری هەبووە و زۆر جاریش هەبووە، کە ئەم جەنگە دەروونییە بەرژەوەندی لایەنێکی گۆڕیوە بۆ بەرژەوەندی لایەنەکەی دیکە. بێگومان ئەمەش لەو کاتەدا پێویستی بە (هونەر و توانا) و ئیمکانیاتی "ماددی و مۆراڵی مەعنەوی)" هەیە. جەنگی دەروونی بە شەڕی ناشەڕ ناسراوە. گەرچی فیشەک و گوللە تۆپ و فڕۆکەی تێدا بەکارناهێنرێ، بەڵام زەمینەی دەروونی بۆ سەرکەوتنی شەڕی سەربازیی مەیدانی و فیشەک و بۆمب و تۆپەکان خۆش دەکات. گەرچی لەڕووی جەستەییەوە کەس ناکوژرێ تێیدا بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە هەموو ئەوانە دەکوژێ، کە لە پشتەوەی سەنگەرەکانن. دەرەنجام پێشمەرگەیەک لە سەنگەردا شەڕ دەکات کە لە پشتەوەی کەس بە پێوە نەماوە .

ئەم وێنە دراماتیکییە تراژیدییە، مەترسیدارترین وێنەیە بۆ پێشمەرگەکان. هاوکات بۆ ئەو سیاسییانەش کە ڕابەرایەتی ڕەوایەتی ئەو سیاسەت و ئامانجانە دەکەن، کە پێشمەرگەکان لە پێناویاندا گیاندەبەخشن. بۆیە هێندەی ئەوەی کە ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەیە ڕووبەڕوو لەگەڵ دوژمندا بجەنگێ، سەد ئەوەندەی ئەوەش ئەرکی سیاسییەکان و میدیا و پیاوانی ئایینی و کۆمەڵگای مەدەنییە کە ڕووبەڕووی جەنگی دەروونیی ببنەوە.

## کاریگەرییەکانی جەنگی دەروونی :

سەرەتا بڕوا وا بوو، کە گەورەترین سزادانی مرۆڤ سزادانی جەستەییە بە کوشتن، بڕینی هەندێ لە ئەندامان یان لێدان...هتد ، بەڵام لە دواییدا ئاشکرا کرا جۆرێکی تر لە سزادان هەیە، کە کاریگەرتر و بەهێزترە لە جۆری پێشوو ئەویش سزادانی دەروونی و ڕوحییە بە شێوەیەک وا لە مرۆڤ دەکات هەست بکات، کە توانا و ئیرادە و هێزی ناوخۆیی ڕووخاوە و هەست بکات، کە دەسەڵاتی نەماوە و وا دەزانێ ئەم هەستە لە ناخەوە سەرچاوەی گرتووە و بەرامبەرەکەی کاری لێ نەکردووە، واتە هەستێکی ناوخۆیی بۆ دروست دەبێت، بە پێچەوانەی سزادانی جەستەیی، کە لە سزادانی جەستەیی مرۆڤ وا هەست دەکات زوڵمی لێ کراوە و مافی خوراوە لەوانەیە وا بکات" کە هێز و پاڵنەرایەتی زیاتر بێت، بەڵام سزادانی دەروونی، کە ناوخۆییە وا لە مرۆڤ دەکات خۆی بدات بە دەستەوە و دان بە شکستی خۆیدا بێنێت و ملکەچی واقیع بێت."

جەنگی دەروونی یەکێکە لەو جەنگە کوشندانەی کە ناخی مرۆڤ دەهەژێنێت و دەیخاتە نێو گێژاوی بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆز و گشت پرۆژە (هەنوکەیی و دوورمەودا)کان دەخاتە ژێر پرسیار و مرۆڤ تووشی داڕووخان دەکات، ئەمە وایکردووە، کە بۆ سەرکەوتنی خۆیان و شکستهێنان بە نەیارانیان، هەمیشە دوولایەنی نەیار بە یەکتری بیر لە پلانی جەنگی دەروونی بکەنەوە . مێژوو سەلماندوویەتی، کە جەنگی دەروونی لەنێوان دوو لایەنی دژ بە یەکتردا دەوری کاریگەری هەیە، بەتایبەت بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر لایەنی بەرامبەردا، ئەمە لەکاتێکدا هەرلایەنێك جگە لە سەرکەوتن هیچ ئامانجێکی دیکەی نیە. کە ئەوکاتیش تەنها داهێنانی هونەری کارکردن لەسەر لایەنی دەروونی دەبێتە کاری سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

**کاریگەری تەکنەلۆژیای سەردەم لەسەر جەنگی دەروونی:**

ئێستا مرۆڤ شۆڕشێکی گەورەی نوێی لەبواری (تەکنۆلۆژیا)ی سەردەم ئەنجامداوە، بەتایبەت لایەنەکانی (تەکنیکی و پەیوەندی)یەکانی و جیهانی کردە گوندێکی بچووك و کاری ئاسانکرد، هەموو دوورییێکی نزیککرد و هەرچی شاراوە هەبوو بەڕوونی خستیە بەرچاوان و سنوورە قەدەغەکراوەکانی تێپەڕاند و چووە نێو هەموو ئاوەدانییەك و شۆڕبۆوە بۆ نێو (ماڵ و قوتابخانە و زانکۆ و شوێنی کارکردن و بازاڕ) .

لەوە گرنگتر ئەوەیە، کە ئامرازەکانی راگەیاندن ئەگەر لە رابردوو نەدەناسرا، ئەوا لە ئێستادا بۆتە هۆیەکی نزیك و بەرچاو و زۆرترین کاریگەری لەسەر تاکەکانی مرۆڤ دروستکردووە، لەسەرووی هەموویانەوە ئینتەرنێتە کە (جیهان و زانست)ی بەهەموو شێوەکانیەوە خستە سەر شاشەی بچکۆلەی مۆبایل و مرۆڤ وەکو هاوڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت و دەیگێڕێت و لەمیانەیەوە دەتوانێت زۆر بەئاسانی دوورترین شوێن لەخۆیەوە ببینێت. هەموو ئەو زانیاریانەی خستە بەردەستی مرۆڤ کە مەحاڵ بوو دەست بکەون، ئەم واقیعە باروودۆخێکی وای بەسەر وڵاتان و حکوومەتەکانیاندا سەپاند، کە پەلە بکەن و بەرەو ئەم پێشکەوتنانە هەنگاو بنێن و بۆ خزمەتی خۆیان بەکاریبهێنن. وە دەستهێنانی دەستکەوت یاخود زیان گەیاندن بەرچاوترین دەوری ئەم تەکنیکە نوێیەیە لەبەکارهێنانیدا لەلایەن لایەنێکەوە بۆ کاریگەری خستنە سەر لایەنی دەروونی نەیارەکەی، بەمەبەستی وەدەستهێنانی دەستکەوت بۆخۆی و زیانگەیاندن بە نە یارەکەیتی، ئامانج لەمەش سەرکەوتنە، ئینجا ئەو سەرکەوتنە ماددی یاخود مەعنەوی بێت. بەڵام لە وەدیهێنانی سەرکەوتنی دەروونی لایەنێك بەسەر لایەنێکی دیکەدا ئەم تەکنیکە نوێیە دەورێکی کارا و بەرچاوی هەیە، چونکە لە (ئەقڵ و دڵ و دەروون) نزیکە، بۆیە کاریگەرییەکی ئەفسووناوی هەیە و دەرفەتی بیرکردنەوە زیاتر دەڕەخسێنێت و تێڕوانین بەهێز دەکات، بۆئەم مەبەستە زۆربەی (وڵاتان و لایەنەکان و رێکخراو و رێکخستن)ەکان بۆ دروستکردنی جەنگی دەروونی شان بەشانی ئەو شتانەی کە جەنگ لە خۆیدەگرێت بەکاریانهێناوە، ئەمەش وەك گەورەترین ئامرازی بڵاوکردنەوە، کە دەرئەنجام لایەنی دژبەر تووشی (دڵەڕاوکێ و شڵەژان)ی دەروونی دەکات.

**کەرەستەکانی جەنگی دەروونی:**

**یەکەم: پروپاگەندە : ئەوەبوو لە بەشی یەکەم باسمان کرد.**

**دووەم: شۆردنەوەی مێشك:** (غسیل دماغ):

جۆرێکی دیکەیە لە کەرەستەکانی جەنگی دەروونی. تێیدا مێشکی تاك و کۆمەڵ لە رێگەی زنجیرە پرۆسەیەکی ناچارییەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە دەگۆرێت.

-مەبەست لە شۆردنەوەی مێشك (Brain washing) بەکارهێنانی هەر رێگەیەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی بیری تاك و ئاراستە کردنی بەبێ خواست و ئیرادەی خۆی. وەکو چەکێك لە ناو کەرەستەکانی جەنگی دەروونییدا، شۆردنەوەی مێشك ترسناکترینیانە. چونکە لە رێگەی فشاری دەروونی و کارتێکەری دەرەکییەوە لەوانە زەبر و زەنگ، ئەشکەنجەدان، برسی کردن، نزیککردنەوە تا لێواری مەرگ کار بۆ گۆڕینی دەروون و بیروڕا و هۆشی تاك دەکرێت. **(دکتۆر زاهر زەکار) لەو بارەیەوە دەڵێت: "مەبەست لە شۆردنەوەی مێشك هەموو هەوڵدانێکە بۆ زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی عەقڵ و ژیری مرۆڤ و ئاراستەکردنی بۆ مەبەستی دەستنیشانکراو، بە تایبەتی دوای ئەوەی تاکەکە لە هەموو بیرکردنەوە و زانیاری و بڕوایەکی پێشووی دادەماڵرێت".** واتە کارکردن بۆ ئەوەی مرۆڤ بخرێتە ژێر باری ئاراستەیەکی بیرکردنەوە و بیروڕا و بنەما گەلێکی ئایدیۆلۆژییەوە بەبێ ئەوەی خۆی هەڵبژارد بێت و ئیرادەی لە وەرگرتنیاندا هەبێت و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو رەفتارو چالاکییەکانییدا دەکات، لە رێگەی پرۆسەیەکی وردی مەبەستدارەوە.

کەواتە شۆردنەوەی مێشك زنجیرە پرۆسەیەکی جەستەیی و دەروونییە بە ئامانجی داماڵرانی کەسی بە ئامانجگیراو لە هەموو فیکرو بیروراو تێروانینێکی پێشوویی و ناچارکردنی بە قبوڵکردن، وەرگرتنی فیکرو بیروباوەرو ئایدیایەکی نوێ و گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی بە بێ ئەوەی خۆی ئیرادەی هەڵسەنگاندن و رەتکردنەوەی هەبێت.

**-شۆردنەوەی مێشك:** شێوازێکە لە شێوازەکانی شەری دەروونی بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی تاکەکان. رێگا و تەکنیکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، ئەویش لەرێگای رازیکردنی زۆرە ملێیی .

**کورتە باسێکی مێژوویی شۆردنەوەی مێشك:**

لە مێژوودا، حاڵەتی شۆردنەوەی مێشك ریشەی هەیە و دەوترێت لە سەردەمی میسرییە کۆنەکانیشدا بەکارهێنراوە. هەروەها لە بواری لێپرسینەوە و دانپێدانانەکانی کڵێسەدا لە

سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپا باو بووە. بەڵام دوای ئەوەی شیوعییەکانی چین لە 1950 (پرۆگرامی چاکسازی فیکری شیوعی- چینی)یان ڕاگەیاند، هەڵمەتێکی فراوانیان بۆ پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی چینی لەسەر بنەمای فیکرو ئایدیۆلۆژیای چەپی چینی دەستپێکرد.

چینییەکان بڕوایان وابوو، هەر تاکێك ڕۆشنبیر نەکرابێت بە فیکری شیوعییەتی چین؛ ئەوا هەڵگری ئایدیای بۆرژوازیانەیە، پێویستە پێش ئەوەی هیچ پێگەیەکی پێبدرێت لە کۆمەڵگەی چیندا، بخرێتە ژێر پەروەردەی شیوعییانەوە و بە فیکری چەپی چینیی جۆش بکرێت.

لە مێژووی سەردەمی ئیسلامییشدا، شۆردنەوەی مێشك لەناو گروپ و تاقمی ئایدیۆلۆژیی وەك خەواریج و باتنییەکان بە هەموو لق و پۆپەکانییانەوە دەرکەوتووە. دەتوانرێت بوترێت قەڵای ئەلەموتی حەسەنی کوڕی سەباحی باتنی و سەربازگەکانی حەمدان بن قرمت لە دەوروبەری کوفە، کاریان لەسەر شۆردنەوەی مێشکی لایەنگرانیان کردووە. حەسەنی کوڕی سەباح لە قەڵای ئەلەموت تەنانەت بەهەشتی چاوەڕوانکراوی بۆ شوێنکەوتووانی دروستکرد بوو، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی ئەوان لەسەر هەقن و ئەوەتا لە بەهەشتدا دەژین. لە مێژوودا بزوتنەوەی باتنییەکان زیاتر بە بزوتنەوەی حەشاشین بەناوبانگە .

<u>دەستەواژەی "شۆردنەوەی مێشك" بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی "ئیدوارد هنتەر" بەکاری هێنا لە بەرامبەر دەستەواژەی "هسی تاو"، کە چینییەکان لەبەرامبەر "چاکسازی فیکری" بەکاریان دەهێنا.</u> ئەو ڕۆژنامەوانە کتێبێکی لەو بارەیەوە دانا. دوای بڕانەوەی (کۆتایی هاتنی) شەڕی کۆریا، کاتێك دیلە ئەمریکاییەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان، بە شێوەیەکی دیکە بیریان دەکردەوە. بڕوایان بە بیروباوەڕی چەپەکان هەبوو. ببونە لایەنگری کۆرییاییەکان و چینییە شیوعییەکان. ئەو پرسە بووە جێی بایەخ پێدانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە لەو کاتەدا.

شەڕی کۆریا (1950-1953) بە بەناوبانگترین ئەو شەڕانە هەژمار دەکرێت، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکی تێدا بەکارهێنرا. زۆرینەی ڕەهای دیلە ئەمریکاییەکان لەلایەن شیوعییە چینییەکانەوە مێشکیان شۆردرایەوە. دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەمریکا وەك کارەکتەرێکی کۆنترۆڵکراو بە بیروڕای شیوعییەت شانازییان بە مامەڵەی چینییە شیوعییەکانەوە دەکرد و ڕەتیاندەکردەوە، دژایەتی شیوعییەکان بکەنەوە.

چینییەکان، چەندین میکانیزمیان بەکارهێنابوو، بۆئەوەی بتوانن مێشکی ئەمریکاییەکان بشۆنەوە. لەوانەش دابڕینی دیلەکان لە ژینگەی دەورووبەریان بۆ ئەوەی هیچ شتێك سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی دەورووبەریان نەزانن. هەروەها بەکارهێنانی ئەشکەنجە و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی وەك: ( برسیکردن، تێنووکردنیان، ڕێگرتن لە خەوتنیان بۆ ماوەیەکی درێژ، توندکردنی سزاکان لەکاتی هەر جۆرە سەرپێچییەکدا، فەراهەمکردنی ژینگەیەك بۆیان، کە بگەنە ئەو ئەنجامەی بەدەستهێنانی ئازادییان تەنیا بە گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەیان دەبێت. جگە لەوانەش: بەکارهێنانی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ نموونە: (لێپرسینەوەی زۆر، جوێنپێدان و سوکایەتیپێکردن بە ئامانجی تێکشکاندنی کەسایەتییان و لاوازکردنی بەرگری دەروونییان. پاشانیش ئامادەکردنیان لە وانەی تایبەت بە فیکری شیوعییەت).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، دەبینین کە (ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا)ش لەجەنگەکانیدا هەمان کاری ( واتا شۆردنەوەی مێشکی) ئەنجامداوە، بەتایبەت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا زیاتر لە (1262) زانای دەروونزانی بەکارهێناوە. لە ئێستاشدا سوپاکانی جیهان گرنگی بە بابەتی کەرەستەکانی دەروونی دەدەن و کارگێڕیی نوێی جۆراوجۆری بۆ دادەمەزرێنن، تاوەکو گرنگی بە کاروباری (بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژی و مۆراڵ و پزیشکی دەروونی و چاودێری دەروونی و هزری) و ئاراستەکردنی (گرێی دەروونی و ئاکاری تایبەت و هتد)دەدەن. ئەوەی پێویستبێ لە (شرۆڤە و لێکۆڵینەوە)ی زانستی، کە خزمەت بە ئامانج و سەرکەوتنەکانیان بکات دەیکەن .

## شێوازەکانی شۆردنەوەی مێشك لەلای ئێران/ ئێران و مامەڵەکردن لەگەڵ دیلی عێراقی:

شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران ، کە بە جەنگی یەکەمی کەنداو دەناسرێت، دیارترین ئەو شەڕانەیە، کە لایەنی ئێرانی بە چڕی و بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە شەڕی دەروونی بەکارهێنا و ئامرازی شۆردنەوەی مێشکی دیلەکانیش دیارترین دیاردەی شەڕەکە بوو. ئێران شیوعییەکانی چینی تێپەڕاند و تەنیا بەوە نەوەستا دیلەکان لە بیروباوەڕی خۆیان هەڵبگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئەوانی لە چوارچێوەی هێزێکدا بۆ شەڕکردن ڕێکخست و هەناردەی بەرەکانی شەڕی کردن، ئەمەش لە مێژوودا وێنەی نەبینرا بوو.

ئێرانییەکان، بە چەند قۆناغێك دیلە عێراقییەکانیان خستە ژێر پرۆسەی شووشتنەوەی مێشك و لە قۆناغی یەکەمدا دیلە سوننی و شیعییەکانیان جیاکردەوە و لەناو ئەوانیشدا بەعسی و نا

بەعسییەکانیان جیاکردەوە و هەنگاو بە هەنگاو ئەوانیان خستە ژێر پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکەوە، تا کار بەوە گەیشت هەموو مێشك شۆراوەکانیان لەژێر ناوی تۆبە کردووان (التوابون) رێکخست و رێکخراوێکی ئایدیۆلۆژیان لە ژێر ناوی رێکخراوی "بەدر" بۆ دروستکردن و بەهەزاران تۆبە کردوویان لە ریزی چەکدارانی ئەو رێکخراوە ناونووس کرد و دواتر بەکاریان هێنان بۆ شەڕکردن دژی رژێمی بەعس.

ئێرانییەکان سەرەتا ناویان لەوانە نابوو "میوانەکانی کۆماری ئیسلامی" و  کاریان بۆ ئەوە کرد، دیلەکان هەست بکەن کە تاوانبارن و تاوانیان دژ بە خودا و ئایین و گەل کردووە و پێویستە تۆبە بکەن و پەشیمانی دەرببڕن. پاشان ئەوانیان هەنگاو بە هەنگاو لە تاکێکی شەڕکەری دژی کۆماری ئیسلامی گۆڕی بۆ تاکێکی شەڕکەری دژ بە وڵاتەکەی خۆیان. لە میانی مانەوەشیان لە سەربازگەکان، ئێرانییەکان تۆبە کردووانیان دەبرد بۆ سەردانی مەزارگەکانی قوم و چاوپێکەوتنی ئایەتوڵڵا روحوڵڵا خومەینی رابەری ئێران و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکردن، تا زیاتر متمانەیان لا درووست بێت و هەست بە گرنگی تۆبەکردنیان بکەن.

**ئێرانییە مەزهەبییەکان ئەم رێگایانەیان لە پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکی دیلەکان بەکاردەهێنا:**

1- سزای جەستەیی و دەروونی.

2- پرۆگرامی تایبەت بە پروپاگەندەی سیاسی، کە زۆرتر کەسەکانی سەر بە لایەنە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لە سەربازگەی دیلەکان و تەنانەت کەمپی ئاوارەکان ئەنجامیان دەدا.

3- دابڕینی دیلەکان لە جیهانی دەرەوە و دەورووپشتی خۆیان.

4- بزواندنیان بۆ خۆشییەکانی ژیان.

5- توندوتیژی راستەوخۆ.

6- مل پێکەچکردن و شکاندنی ئیرادەیان.

7- پروپاگەندە و وتاری مەزهەبی.

8- بێبەشکردنیان لە مافە بنەڕەتییەکان.

9- دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆیی و رێزگرتنی رووکەشانە لە دیلەکان.

10-   ترساندنیان بە مردن.

بەم شێوەیە گەورەترین پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك بەسەر دیلەكاندا تاقیكرایەوە و بە هەزاران دیل لە خانەی تۆبەكردووان تۆماركران و دڵسۆزییان بۆ مەرجەعییەت و ویلایەتی فەقیهی ئێران لەسەرووی هەموو شتێكەوە دانا.

**-بنەمای كاركردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك**: پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك پشت دەبەستێت بە تاقیكردنەوەكانی زانای روسیایی "باڤلۆڤ"، كە لە بارەی "سیستمی ئامازەكان" لەسەر گیانلەبەری وەك سەگ ئەنجامیدان. باڤلۆڤ مەبەستی بوو، پەیوەندی نێوان هەستی غەریزەیی و فەرمانەكانی مێشك ئاشكرا بكات. دواتر تاقیكردنەوەكانی لە ژێر ناوی "پەرچە كرداری باڤلۆڤی"، كاری زیاتر و توێژینەوەی زۆرتریان لە بارەوە كرا. بە بڕوای باڤلۆڤ، گۆڕینی ژینگە كاریگەری لەسەر گۆڕینی رەفتارەكانی مرۆڤ دەبێت. ئەوەشی دەرخست، پەرچەكردار ئەنجامی كارتێكەرە دەرەكییەكانە. وەك رژانی لیك لە كاتی بینینی خواردندا. ئەم تاقیكردنەوانەی باڤلۆڤ و ئەنجامەكانی كاریگەرییەكی گەورەیان كردە سەر رەوتی پێشخستن و كاراكردنی چەكی شۆردنەوەی مێشك لە لایەن شیوعییەكانەوە لە چین و یەكێتی سۆڤییەتدا."سەگەكەی باڤلۆڤ سومبولێكی گرنگە لە دەروونزانی سۆڤیتیدا، كۆمۆنیزم خۆی لە خەباتی رۆشنگەری خۆیدا هەوڵیدەدا، كە مرۆڤ لەسەر مۆدێلی سەگەكەی باڤلۆڤ دروستبكات. تا رادەیەك راگەیاندنی ئۆرگانیزە كراوی سۆڤیەتی و لە پاشاندا قوتابخانەی ریالیزمی شۆڕشگێری لە نێو ئەدەب و هونەردا هەوڵیاندا، هەموو سۆڤیەت پربكەن لەو سومبولانە، كە دەبێت هاوولاتیان بەردەوام بیانبینن، بۆ ئەوەی هەمووان وەك سەگەكەی باڤلۆڤ پەرچە كرداریان هەبێت و ملكەچی  سەروەرییەكانی دەوڵەت بن. پەیكەرتاشی، ئاهەنگ و مەراسیم و تەنانەت رۆژنامە و تەلەفیزیۆنەكانیش لە خزمەتی  وێنەی ئەو سەگە بوون.

**كێن ئەوانەی رووبەرووی شۆردنەوەی مێشك دەبنەوە:**

زانایانی بواری سایكۆلۆژیا لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا زۆرتر ئەو بوارەیان (واتا شۆردنەوەی مێشك)، خستووەتە كارنامەی توێژینەوەكانیان. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ئاستی جیهاندا و لە ململانێی فیكری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی، چەكداری، مەزهەبی و ئایینیدا ئەو جۆرە

کەرەستە (کەرەستەی جەنگی دەروونی)، وەکو چەکێك بۆ دەستەمۆکردن و ژێربارهێنانی تاك و گرووپ و کۆمەڵ و گەلەکان بەکاردەهێنرێت بەشێوەیەکی گشتی ئەو پرۆسەیە بەسەر منداڵ و گەنجانی تازە پێگەیشتوودا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دەهێنێت. بە تایبەتی ئەوانەی لە تەمەنێکدان، کە هێشتا بیروڕا و ئایدیایەکی چەسپاو و جێگیریان لە مێشکدا، دانەمەزراوە و خاوەنی رێبازێکی بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیان نیین. بە پێچەوانەوە ئەو پرۆسەیە لە دژی کەسانێك، کە بە تەمەندا چوونە ئەستەمترە و کاری زۆرتری دەوێت تا ئامانجی خۆی دەپێکێت. پەیوەندی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك بە جەنگی دەروونییەوە، ئەوەیە، وەك چەکێك لەمیانی پرۆسەکانی جەنگی دەروونییدا بەکاردەهێنرێت. کاریگەرییەکەشی بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی دیکە مەترسیدارترە. چونکە لە ڕێگەیەوە دوژمن دەتوانێت باندی کۆنترۆڵکراو لە ڕیزی ئەو لایەنە درووستبکات، کە شەڕی دژی هەڵگیرساندووە.

ئەوانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك دەبنەوە، زیاتر کەسانێکن کە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتن و لە کاتی شەڕ و ململانێدا بەدیل دەگیرێن، یان لە کاتی دوژمنداری ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیکردن دەبنەوە.

## هەنگاوەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك:

(د.لڤنتون)، لەمیانەی شیکردنەوەکانییدا بۆ پرۆسەکانی شۆردنەوەی مێشك لەلایەن بەلشەفییەکانی سۆڤیەت و نازییەکانی ئەڵمانیا و ماوییەکانی چینەوە ژمارەیەك هەنگاوی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشك دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: پەلاماردانی کەسایەتی:** تۆمەتبارکردنی کەسەکە بە تۆمەتی زۆر ترسناك. تۆمەتبارکردنی بەوەی هەرچی لە بارەی خۆیەوە دەیڵێت ناڕاستە و بۆ داپۆشینی تاوانەکانییەتی. ناوبردنی بە ژمارە و ناونەهێنانی. ئەشکەنجە و ئازاردانی. پچڕاندنی پەیوەندی کەسەکە بە جیهانی دەرەوە. بێئاگاکردنی لە کات و تێپەڕینی شەو و ڕۆژ.

**دووەم: چاندنی هەستکردن بە تاوان:** شارەزایانی دەروونی دەڵێن هەموو کەسێك لە ناخیدا هەستێکی شاراوەی سەبارەت بە تاوان هەیە و ئەو هەستە تەنیا دەرفەتێکی دەوێت دەربکەوێت لە پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکدا کار لەسەر ئەو لایەنە دەکرێت، تاوەکو کەسەکە هەست بە پەشیمانی بکات و لە ناخەوە هەست بکات کە تاوانبارە.

**سێیەم: ناپاکی کردن بەرامبەر بە خود:** بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەدان و پەکخستنی بیرکردنەوەیەوە، کەسەکە ناچار دەکرێت، ناپاکی بەرامبەر بە خودی خۆی بکات و دان بە ئەنجامدانی تاوانێکدا بنێت، کە ئەنجامی نەداوە. زانیاری لە بارەی هاوڕێکانییەوە بدرکێنێت. هەست بەوە بکات، ئەگەر ئەو کارە نەکات؛ ئەوا دەمرێت، یان تووشی نەخۆشی خراپ دەبێت و ئەگەری شێت بوونیش بێتە بەرچاوی.

**چوارەم: رەخنەی خودی:** دوای ئەوەی کەسەکە ناپاکی کرد و دانی نا بە هەموو شتێکدا، سەرەڕای ئەوەی دەزانێت ئەو دانپێدانانە ڕاست نییە، بەڵام پەشیمانی دایدەگرێت و ڕەخنە لە خۆی دەگرێت سەبارەت بە هەڵەکانی پێشووی.

**پێنجەم: وەرگرتن و بڕواهێنان بە بیروباوەڕی نوێ و بەرگری لێکردنیان:** کەسەکە دوای ئەو پرۆسە درێژخایەنە، ناچار دەبێت، ملکەچ بکات بۆ وەگرتنی بیروڕای نوێ و باوەڕهێنانی بەو شتانەی پێی دەوترێت و ڕاهاتنی لەسەر وەرگرتن و لێکدانەوە و بەرگری لێکردنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری بگونجێت و پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات.

**<u>جگە لە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ شۆردنەوەی مێشك، ڕێگەی دیکەش هەیە لەوانە پەروەردە کردن و بەکارهێنانی ڕێگە و شێوازی هێمنانە و پرۆسەی درێژخایەنە بۆ شۆردنەوەی مێشك و گۆڕینی تاك، وەك ئەو پرۆسانەی دەوڵەتی دیکتاتۆری و ئایینی و گروپ و کۆمەڵە موژدەدەرەکان ئەنجامیدەدەن.</u>** لە ئێستاشدا پێشکەوتنی بەرچاوی ئامرازەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن لەلایەك و پێشکەوتنی تەکنیك و ئەزموون و تیۆرەکانی تایبەت بە بوارەکانی ئەرکی مێشك و ڕۆڵی کارتێکەرە دەرەکییەکان و کۆنترۆڵکردنی عەقڵی تاك و کۆمەڵ، وایکردووە، کە ناوەند و گرووپ و دەوڵەت و ڕێکخراوەکان کاری زیاتر بە ئاراستەی شۆردنەوەی مێشکی تاك و کۆمەڵی نەیاریان بکەن.

**<u>قۆناغەکانی کاری شوشتنەوەی مێشك:</u>**

قۆناغی دەسبەردانی بیرۆکە کۆنەکان/ پەسەند کراو نیە.

قۆناغی وەرگرتنی بیرۆکە نوێیەکان / ئەوەی پەسەندە.

بارودۆخی ئاسایی/ گوشاری (پاڵپێوەنەر)، چالاکی پێچەوانە لە (بەدەنگەوە هاتن، بەرپەچدانەوەی مەرجدار).

جێگیری سنوردار / ( گوشاری زۆر)، بەبێ چالاکی پێچەوانە یان بەدەنگەوە هاتنی زۆر لاواز

(گوشاری زۆر زیاتر) أ/ بەدەنگەوەهاتنی توند و قوڵ بۆ لاوازترین وروژاندن.

ب/ تەواو بێ جوڵەیی، بەدەنگەوە نەهاتن و ئەنجامنەدانی چالاکی.

جێگیری چارەسەرکراو/ (گوشاری زۆر لەسەرووی ئاساییەوە، گۆڕینی نەریتە بەدەستهێنراوەکان بۆ پێچەوانە (خۆشەویستی دەبێت بە رق).

جێگیرییەکی کەم لە چارەسەرکردن/ أ: گوشاری زیادکراو: ( زۆر زوتر لەسەرووی ئاساییەوە) نەمانی  نەریتە بەدەستهێنراوەکان.

ب: شوشتنەوەی مێشك: یانی شوشتنەوەی مێشك لەوانەی دەرووخێ و ئامادەی دەستبەردان دەبێت، لەبیرۆکەکانی پێشوو و بیرۆکە نوێیەکان وەردەگرێ بەئاسانییەکی زۆر.

**__سێیەم: دەنگۆ (الاشاعە):__**

**__دەنگۆ چییە؟__** دەنگۆ هەموو ئەو هەواڵانەیە، کە ڕەنگە باوەرپێکراو بێت، سەرچاوەکەی نازانرێ، ئەو کەسانەشی کە دەیگوازنەوە و پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە و لەلایان گرنگە، بەڵگەیان لەلا نییە لەسەر راستییەکەی، بەڵکو بە گەلێك شێوازی جیاواز دەنگۆکە بڵاودەکەنەوە، بەمەبەستی قەبولکردنی بۆ خزمەتکردن یان بە ئامانجی ئەوەی کە دەنگۆیان بۆ داناوە.

**__جۆرەکانی دەنگۆ:__** لێرەدا شەش پێوەر هەیە، دەتوانین دەنگۆکان دابەشبکەین بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

- پێوەری کات
- بابەتی دەنگۆکە
- (پاڵنەر و هۆکارەکان) کەرەستەکانی پاڵنانی دەروونی

- پێوانەی تاچەند بڵاودەبێتەوە (مەودای بڵاوبوونەوەی تا کوێیە).
- پێوەری ئامانجی ڕاستەوخۆ و کاریگەر
- پێوەری شێواز

**<u>چۆن دەنگۆ سەرهەڵدەدات؟ وە چۆن بڵاو دەبێتەوە؟</u>**

دەنگۆ لەوەتی سەریهەڵداوە، تاوەکو بێ دەنگبوونی ڕاوەستان و کۆتاییەکەی بەسێ قۆناغ تێدەپەڕێت.

- دروستکردنی دەنگۆ یان بڵاوبوونەوەی: (لێرەدا پرۆسەی دەرککردن دێتە ئاراوە).
- بڵاوبوونەوەی دەنگۆ یان گواستنەوەی و دووبارەکردنەوەی: (لێرەدا پرۆسەی بیرکردنەوە و دەرکپێکردن دێتە ئاراوە).
- گەیاندنی دەنگۆ و ڕاگەیاندنی: (لێرەدا پرۆسەی گێرانەوە دەستپێدەکات، بەڵام بەرلەوەی باسی ئەو قۆناغانە بکەین دەبێت لەسەر ئەو هۆکارانە ڕابوەستین، کە یارمەتی سەرهەڵدانی دەنگۆ و بڵاوبوونەوەی دەدات).

**<u>فاکتەری یارمەتیدەر لەسەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەنگۆ:</u>**

1-گرنگی و ئاڵۆزی

2-هاوچەشنی

3-نەبوونی هۆشیاری

4-دەنگۆ و کەرەستەی پارێزگاری کەسایەتی (هۆکار و بنەمای دەروونی).

**<u>چۆن دەنگۆ کاری خۆی دەکات (شێوازەکانی):</u>**

**<u>ئەو ئامرازانەی کە دەنگۆ بەکاریان دەبات،</u>** ئەو کەرەستە و ئامرازانەیە، کە لە بوارەکانی جەنگی دەروونیدا بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە لەمیانەی وتاری سەرکردەیەکی سیاسییەوە، یان

سەربازییەوە، هەروەها دەکرێ تێپەڕێنرێت لەلایەن بەکرێگیراوەکانیانەوە، یان لەڕێگای بڵاوکراوەوە، هەروەها تێدەپەڕێنرێ لەڕێگای هەواڵەکانی ڕادیۆکانەوە و ڕاپۆرتی پەیامنێران و ئاژانسەکانەوە، یان لەڕێگای گفتوگۆی تەلەفزیۆنییەوە و کۆبوونەوە و کۆڕ و سیمینارات و شریتی کاسێت، وێنەی کاریکاتێر، پۆستەرات، وتاری ڕۆژنامەوانی، ئامرازی دیکەش بەگوێرەی بارودۆخ و ئامانجەکان کە پێویستیان پێی هەیە.

**<u>بەرگریکردنی دەنگۆ:</u>**

- وەڵامنەدانەوەی دەسبەجێی سەرپێیی، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی زانستیانە لەلایەن پسپۆڕانەوە.
- دەبێت وەڵامدانەوەکە، پشت قایم بێت، بە ڕووداوەکان و ڕاستییەکان. هەموو شتێك بۆ دوژمن نەگەڕێنینەوە، چونکە لەبەرچاو گەورە دەبێت و جەماوەر گومانمان لێدەکات.
- بەرچاو نەخستنی دەنگۆکە، بەراستەوخۆیی، چونکە لەبیر ناچێتەوە، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی نکوڵی کردن دابینێین.
- پشتگوێ خستنی دەنگۆی خاو، کە هەر لەخۆیەوە نامێنێ.
- پابەند نەبوونی بابەتیانە، لەوەڵامدانەوەدا، بواری ڕای دیکە نەبێت.
- وریایی و زیرەکی لەوەڵامدانەوە، تاکو نەهێڵین بڵاو ببێتەوە.
- ئامادەکاری ووڵات بۆ جەنگ: لە گەرمەی ململانێدا، دەوڵەت دەبێت ئامادەباشی بۆ شەر بکات، شێوەی ئامادە کردنەکەش پەیداکردنی هەموو پێویستییەکانە و هەموو ئەوەی دەوڵەت پێویستی پێ دەبێت بۆ بەشداربوونی لەشەردا و ململانێی ڕاستەوخۆ.

**<u>چوارەم: چەواشەی ڕاگەیاندن:</u>**

**<u>چەواشەی ڕاگەیاندن:</u>** پێناسە دەکرێت بەوەی کە: پرۆسەکانی چاندنی تێگەیشتنە دیاریکراوەکانە، نەیار بەرەو ڕازیبوونی بیرۆکەکان دەبات، کە لەڕاستیدا ڕاستی دەرنابرێت، بەڵام بەرژەوەندی ئەوەی (ئەو کەسەی یان ئەو لایەنەی) پرۆسەی چەواشەکردن ئەنجامدەدات بۆ قەناعەت پێهێنانی نەیارەکەیەتی پێی، ئەو قەناعەتەش بەرەو هەڵوێستێکی دیاریکراوی دەبات لە لاوازیدا دواتر دەبێتە لەناو بردنی. وەك ئەوەی لە شەری ئوحود کافرەکان هەواڵی

شەهیدبوونی پەیامبەریان بڵاوکردەوە، بەمەش موسوڵمانان چیای ئوحودیان جیهێشت و بووە مایەی سەرکەوتنی دوژمن.

**پێنجەم/ داگیرکردنی هزری:** دەتوانرێت پێناسەی داگیرکردنی هزری بکەین، بەوەی کەوا: ئەو هەڵمەتە هزری رۆشنبیرییە رۆژئاواییەیە لەسەر رۆژهەڵات، کە شێواز و کەرەستەی جیاجیا بەکارهێنراون بۆ وێرانکردنی سەرچاوەکانی هێز و ئیرادەکانیان، مەسەلەی هزری و رۆشنبیری و شارستانی دەردەکەوێت، لە سەرووی هەموویانەوە بیروبڕوای ئایینی، کە دەتوانێت بە ئاسانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ چارەنووسی دیارییکات.

**شەشەم: نوکتە و کاریکاتێر:** لە ئامرازەکانی جەنگی دەروونی، گاڵتە و گەپ و کاریکاتێرە، بێگومان نوکتە گوتن بەپێی پلانێکی دانراو کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو ئامرازێکە قورسایی خۆی هەیە، دانانی نوکتە و بڵاوکردنەوەی لەنێو خەڵکیدا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا لە بابەتی پێکەنین و رابواردنەوە دەیگوازێتەوە بۆ بابەتێك زیان بەهێزی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، بیروهۆشیان ئاڵۆز دەکات و بڕوایان بە خۆیان و بە بەرپرسەکانیان نامێنێ.

**حەوتەم: بانگەواز و راگەیەنراوەکان:** ئامانجی راگەیەنراوەکان و بانگەوازەکان:

بڵاوکردنەوەی نائومێدی و گومان وادەکەن سەربازانی دوژمن خۆیان بەدەستەوە بدەن . کۆچ پێکردنی سیڤیلەکان و بەتاڵکردنی ئەو ناوچانەی تەماحیان لێکراوە. چاندنی رۆحی دەست لێبەردان و بێ بڕوایی بەسەرکردەکان و بەرپرسەکان. پەیداکردنی سەدمەی دەروونی (شۆك) لەرێگای خستنە ناوەوەی زانیاری کاریگەر وەکو ئیدیعای کوشتنی یەکێ لە فەرماندە و سەرۆکەکان.

**هەشتەم: شێواندن و تێکدانی دەروونی:**

شێواندن و تێکدانی دەروونی، ئەم شێوازە کار دەکاتە سەر بیروباوەر، کە شێوازی ئاراستەی دەروونی بەکاردەبرێت بۆ دروستکردنی ئاراستەیەکی گشتی لای جەماوەر لە وڵاتانی دوژمندا، کەوا دەکات ئاڵۆزی بەرپا بێت هەروەها بڵاوکردنەوەی ترس و گێرەشێوێنی، لە ئامرازەکانی چاپکردنی دراوی ساختە بۆ بەرپاکردنی ئاڵۆزی لە سیستەمی دارایيدا و دەرکردنی وێنە و بەڵگەی ساختە بۆ شێواندنی راستییەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی پرووپاگەندە، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ترسێکی بەردەوام سەرەرای بڵاوکردنەوەی رای چەواشە و لەخشتە بەر

بۆ مەبەستی بڕوانەکردن بە حکومەت و گومان لێ پەیداکردنی و بەهێزکردنی ناکۆکییەکان و لێکترازان لەنێوان کۆمەڵانی خەڵك و حکومەت و لەنێوان سەربازەکان و سڤیلەکاندا (مەدەنییەکاندا).

**<u>نۆیەم: نمایشکردنی هێز و نیشاندانی چەکەکان:</u>**

مەبەست لەم شێوازە نمایشکردنی هێزی سەربازی دەوڵەتە لە توانای مرۆیی و کەرەستەی سەربازی بۆ ترساندنی دوژمن و تێکشکاندنی مەعنەویاتی و لەقکردنی، بەبڕوا بەخۆ کردن، فەتحی مەککە نموونەیەکی باشە بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوازە، ئەویش کاتێ پەیامبەر (د.خ.) فەرمانیدا پۆل پۆلی جەنگاوەران لەپێش أبوسفیان تێپەرن، کە دەستی بەسەرا گیرابوو، کەتیبەی سەوز کە هێزێکی پەیامبەر بوو تا بۆ قورەیشییەکان بگەرێتەوە، هەواڵی هێزی لەشکرەکەیان پێدا، کە زانیارییان لەبارەیەوە نەبوو، کە بووە مایەی ئەوەی مەعنەوییاتیان لەق بێت و هۆکارێك بوو بۆ سەرکەوتنی موسوڵمانان. یان ئەوەی کە ئێستا خۆمان لە هەواڵەکان دەیبینین دەوڵەتە زلهێزەکان مانۆری سەربازی لەرێگەی راگەیاندنەوە نمایش دەکەن.